حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٢١) لە ٢٠٢١/١١/٢٤

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٠) لە ٢٠٢١/١١/٢٤، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی (وەزارەتی دارایی و ئابووری) بۆ تەرخانکردن و خەرجکردنی پاڵپشتییەکی دارایی بۆ (وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی) وەک پێشینەی مانگانە بە بڕی (٧,٢٥٠,٠٠٠,٠٠٠) حەوت ملیار و دوو سەد و پەنجا ملیۆن دینار بۆ پاڵپشتیی قوتابیان و خوێندکاران و چارەسەری گرفتی بەشە ناوخۆییەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

٢. وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١/١ جێبەجێ دەکات بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران